هەڵوێستی ژمارەیەک چالاکی سیاسی فەرهەنگیی کورد لە ئاست کرداری نا ڕەوای حکوومەتی ئێران دژی چالاکانی فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی کورد

# زەخت و زۆری حکوومەتی ئێران دژی چالاکانی فەرهەنگی - کۆمەڵایەتیی کورد مەحکوومە

ئازادیی بێمەرجی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی مافی هەر ئینسانێکە لە کۆمەڵگەدا . مافێک کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا نەک هەر لەبەرچاو ناگیرێت بەڵکە بە بوونی یاسا کۆن و کۆنەپەرستانەکانی و شێوەی دەسەڵاتداریی دەورانی بەرد، باسکردنیان تاوانە. ئەم حکوومەتە سەرەڕای نەسەلماندنی بوونی ئێران وەک وڵاتێکی فرە نەتەوە ، پێش بە چالاکی و چالاکانی دامەزراوە مەدەنی و ناحکومەتییەکانی وەک بواری ڕۆژنامەوانی ، مافەکانی منداڵ ، مافی ژن و مافی مرۆڤ و ... دەگرێ . بە شێوەی جۆربەجۆری وەک داخستنی بڵاوکراوە ، بانگکردن بۆ ناوەندە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکان ، دادگاییکردن و بڕینەوەی حوکمی ناعادڵانە و سەرەنجام مۆڵەت نەدان بە چالاکی بە شێوەی "قانوونی" و ڕەدکردنەوەی " سەڵاحییەتی" داواکاران ، هەوڵ بۆ ترساندن و دامرکان و بێدەنگکردنیان دەدات.نەوەک ئارامشی ئەمنییەتە "گۆڕستانی"یەکەی تێکبچێت .

لەم بوارەدا حکوومەتی ئێران لە کوردستان بە دەستێکی ئاواڵەتر لە بەشەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی هاتووەتە مەیدان و بەمەبەستی ترساندن و پاشەکشەکردن بە چالاکانی ڕۆشنبیر و پێشرەوانی هەڵسووڕی کۆمەڵگەی کوردەواری، و هەروەها چاوەترسێنکردنی جەماوەر ،ئەوە ماوەیەکە بەشێوەیەکی بەربڵاو قۆڵی لە سەرکوت و دەمکوتکردنی کەسانی چالاکی بوارەجۆربەجۆرەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی هەڵماڵیوە . کە داخستنی بڵاوکراوەکانی خوێندکاران ، بڵاوکراوەی پەیامی مەردوم (کوردستان) و بانگکردنی بەرێوەبەر و نووسەرانی ئەم بڵاوکراوانە بۆ دادگا، بانگکردنی چالاکانی بواری مافەکانی ژن ،مافی منداڵ و مافەکانی مرۆڤ بۆ دادگا یا ناوەندە ئیتلاعاتییەکان و ئەگەری گرتن و زیندانیکردنیان لە داهاتوویەکی نزیکدا و ڕەد کردنەوەی داخوازی مولەت بۆ ڕێکخراوی ژنانی کوردی پارێزەری ئاشتی و مافی مرۆڤ و بانگکردنی خاتوو ڕویا تلووعی (ئەندامی ئەم ڕێکخراوە) لە لایەن ناوەندێکی ئیتلاعاتییەوە، نموونەی ئەم هەڵسوکەوتەن.

ئێمە چالاکانی سیاسی –فەرهەنگیی کورد سەرنجی هەموو خەڵکی کوردستان، هێزە سیاسییەکان ، ناوەندەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ و گشت ئازادیخوازان بۆ ئەم پێشێل کردنەی سەرەتاییترین مافی ئەندامانی کۆمەڵ و تاوانەکانی دیکەی دەسەڵاتدارانی ئێران ڕادەکێشین و وێڕای مەحکووم کردنی حکوومەت و کردارەکانی ، هاودەنگیی خۆمان لەگەڵ هەموو ئەوکەسانەی کە بەهۆی هەوڵدان بۆ ئامانجێکی ئینسانی و مەدەنی بەچەشنێک لە ژێر گیر وگازی دەسەڵاتی ئیسلامیدان دەردەبڕین .

ئێمە سەرنجی ئیسلاحتەڵەبە کوردەکانی ناو دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشین کە بە بێدەنگیی خۆیان لە ئاست سەرکوتگەریەکانی حکوومەت و بەتایبەت کرداری ئەمدوایانەی ، نیشان دەدەن کە هیچ پێوەندیەکیان بە گەلی کورد و بەرژەوەندیەکانییەوە نییە و "بەرژەوەندیەکانی نیزام" لە پێشەوەی ئامانجەکانیاندایە. بۆیە دڵنیایان دەکەینەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریدا وەڵامی شیاوی خۆیان لە جەماوەری کوردستان وەردەگرنەوە.

بە بڕوای ئێمەهەلومەرجی ناوچە و بەتایبەت باشووری کوردستان ،ترسی خستووەتە دڵی هەموو داگیرکەران و لەوانە دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێرانەوە و توند و تیژیەکانی ئەمدوایانەش دەبێ هەر لەو بوارەدا پێناسە بکرێن. کە بێگومان هیچ دەسکەوتێکی ( بێجگە لە بێئابروویی زۆرتر) بۆ حاکمانی ئێران نابێ و ناتوانن پێش بە ڕەوندی رووڵەگەشەی وشیاریی کۆمەڵانی خەڵک و بێداریی نەتەوەیی بگرن .

له هه‌لومه‌رجی ئیمرۆی جیهاندا ، ده‌ورانی سه‌ره‌رۆیی و کێشانی دیواری بێخه‌به‌ری به‌ده‌وری ولاٌتاندا له لایه‌ن حاکمانی دیکتاتۆره‌وه تێپه‌ڕیوه . ئیمرۆ هه‌ر ئه‌ندامێکی کۆمه‌ڵگه بۆی هه‌یه و ده‌توانی دادی خۆی دژی بێدادگه‌ران ،بباته به‌ر ناوه‌نده نێونه‌ته‌وه‌ییه‌کانه‌وه. کارێک که که‌مترن کاردانه‌وه‌ی زه‌ختی زۆرتری کۆمه‌ڵگه‌ی جیهانی و ناوه‌نده‌کانی مافی مرۆڤ و کۆڕ وکۆمه‌ڵه ئینساندۆستەکان بۆ سه‌ر حاکمانی ئازادی کوژی ئێران ده‌بێ .

باهه‌مومان به پشتیوانی‌کردن له چالاکانی فه‌رهه‌نگی -کۆمه‌لایه‌تی و له‌قاودانی تاوانکاریه‌کانی ده‌سه‌ڵاتی ئیسلامی له ئاستی ناوخۆ و نیونه‌ته‌وه‌ییدا ، به حاکمانی ئێران نیشان بده‌ین که چی‌دیکه ناتوانن به خواستی خۆیان درێژه به سته‌م و تاوان بده‌ن.

1. دوکتۆر گوڵموڕادی مورادی (ئاڵمان ) نووسه‌ر وتوێژه‌ر و ئه‌ندامی" کانوون نووسه‌ران له تاراوگه"
2. دوکتور حوسێن خه‌لیقی ( سوید ) چالاکی سیاسی ،نووسه‌ر وتوێژه و به‌رپرسی ئه‌نستیتوی کورد له سوید
3. سه‌عیدی کاوه (کوێستانی) (سوید ) نووسه‌ر و چالاکی سیاسی فه‌رهه‌نگی
4. فایه‌ق به‌همه‌نی (سوید ) چالاکی سیاسی
5. هیوا گۆڵموحه‌مه‌دی (سوید ) رۆشنبیر و چالاکی سیاسی
6. عه‌لی مه‌حموود موحه‌ممه‌د(هوله‌ند ) نووسه‌ر و چالاکی مافی مرۆڤ
7. ره‌حمه‌تی ئیبراهیمی (سویس) چالاکی سیاسی فه‌رهه‌نگی
8. سه‌لام عه‌بدولا ئیبراهیم (ئاڵمان) چالاکی سیاسی ، نووسه‌ر و وه‌رگێڕ
9. حه‌مید به‌هرامی (ئامریکا ) چالاکی سیاسی فه‌رهه‌نگی
10. مریه‌م عه‌لی‌پوور ( نوروێژ) چالاکی سیاسی و تێکۆشه‌ری مافی ژن
11. شێرکۆ عالـه‌می (کوردستان) چالاکی فه‌رهه‌نگی ، چیرۆک نووس
12. ئیبراهیمی کووشا (تاران) خوێندکار و چالاکی کۆمه‌لایه‌تی
13. قادر ئه‌لیاسی (نوروێژ) گۆرانی بێژ و چالاکی سیاسی فه‌رهه‌نگی
14. فه‌ریبا ساله‌حزاده ( کرماشان) خوێندکار و چالاکی کۆمه‌لایه‌تی
15. ره‌حیمی په‌روا (ئاڵمان) چالاکی سیاسی
16. حێشمه‌ت خوسره‌وی ( سوید ) چالاکی سیاسی فه‌رهه‌نگی
17. ڕه‌سوول عه‌بدولا (باشووری کوردستان-ڕانیه ) چالاکی فه‌رهه‌نگی کۆمه‌لایه‌تی
18. گۆران عه‌لی (سوید ) چالاکی سیاسی فه‌رهه‌نگی
19. عه‌بدولواحێدی خه‌نده‌ڕه ( نیوزله‌ند ) خوێندکار و چالاکی سیاسی فه‌رهه‌نگی
20. که‌ماڵی عیزه‌تی (نوروێژ) چالاکی سیاسی فه‌رهه‌نگی
21. شه‌هاب گولاڵان (سوید ) چالاکی سیاسی فه‌رهه‌نگی
22. موحه‌مه‌د حوسێن (باشووری کوردستان-که‌لار ) چالاکی سیاسی فه‌رهه‌نگی

23.خالید عەزیزی ( ئوستralیا ) چالاکی سیاسی فەرهەنگی

24.موحەممەد خادمیانی ( کانادا ) ڕۆژنامەوان و چالاکی سیاسی

25.قاسم ڕەیانی ( سوئێد ) چالاکی سیاسی ، فەرهەنگی نووسەر

26.موحەممەدی جەهانگیری (سوئێد ) چالاکی سیاسی

27.خەلیل غەزەڵی (هولەند ) چالاکی سیاسی فەرهەنگی

28.گۆواری کورد (وانکۆڤر- کانادا ) گۆڤارێ سیاسی – فەرهەنگی

29.ماڵپەڕی ( سیاسی - ئەدەبی ) کوردستانز www.kurdistanz.com

30.ماڵپەڕی ( سیاسی خەبەری ) برووسکە www.hemid.com

31.ماڵپەڕی ( سیاسی خەبەری ) کاک هیوا www.kakhiwa.com

32.ماڵپەڕی ( سیاسی خەبەری ) خانە پەناهجوو www.panahjoo.co

33.وێبلاگی کوردستان kurdstan.blogspot.com

34.ماڵپەڕی ( سیاسی خەبەری ) هەڵوێست www.helwist.com

ئادرەسی پرسیار و پشتیوانی: pshtiwani@yahoo.com